کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

28-4-2007 1:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەردە بارن کردن و ڕەجم کردی (دوعا) بۆ کێیە؟ ... عەبدول قەرەگۆلی (بەختیار)

باوەڕ ناکەم ئەوەی یەکتۆز ویژدانی هەبێت کاتێک تەماشای لەخاچ دان و ڕەجم کردنی (دوعا) ی کردبێت لە ناخەوە ویژدانی ئازاری نەدابێت فرمێسک بەچاوەکانیدا نەهاتبێتە خوارێ هەر هیچ نەبێت سیمای دەموو چاوی گرژ نەکردبێت مەگەر ئەوانەی کە بکوژی دوعای عاشق بە خۆشەویستی و ژیان، یان کار بە دەتانی دەستەڵات و بەرپرسانی ناوچەکە نەبێت کە بەم شێوە لە کوشتن و لەناو بردنی دوعادا بێباک و بێ دەنگن، بەردەباران کردن و کوشتنی هەزارانی وەک دوعاکان پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی ئەوانەوە کە سنوری خۆشەویستی دادەنێن لە نێوان دیانەت و مەزهەب و نەتەوە و ڕەگەزو رەنگەکاندا ئای لە دڵڕەقی و بێبەزی ئەوکەسانەی کە ویژدانیان ناهەژێت لە ئاست ئەم تاوانە دڕندانەیەدا، کوا مافی مرۆڤ، کوان ئازادی خوازان و داکۆکی کەرانی مافی مرۆڤ؟کاتێک دەبینین لە سەدەی (21) دا سەدەی پێشکەوتن و عەولەمە لە کاتێکدا جیهان لە پێشبڕکێی داهێنانن بۆ خزمەت کردنی بەشەریەت، بەڵام لە کۆمەڵگای ناوینیشدا گرەو لەسەر ئەوە دەکرێت چۆن و بە کام شێوە دڕندانەیە مرۆڤ لەناو بەرن، هەر لە سەربڕین وڕەجم کردن و گوێچکە برین دەست بڕین و لاق بڕین وچاو هەڵکۆلین و ئەندامەکانی تری لەشەوە، لەهەمویشی سەیرتر سەربڕینی ئینسان و کوڵندنی گۆشتی و دەرخواردانی مرۆڤەکان، ئەمانە لەکوێوە سەر چاوەی گرتوە؟بەبێ چەندوو چون بەبڕوای من دینەکانە، ئەو دینانەی کە حەقدو کینە دەخاتە نێوان بەشەرەکانەوە، ئەو دینانەی کە دوبەرەکی و جیاوازی دەخاتە نیوان ئینسانەکانەوە، کە هەر ئاینەو خۆی بە جێگرەوەی یان پەیام بەخشی خودا دەزانێت و لاکەی ترێ بە کافرو نەزان و گێلو جاهیل و هەڵخەڵە تاو هیتر... دەزانێت، نازانم بڵێی خودا ئەوەندە بێویژدان و بێ ڕەحم بێت، نا نا قەت باوەڕناکەم خودایەک ساحێبی ئەم هەموو خەدرو ناهقی و خەدرانە بێت کە لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکرێت، خۆ ئەگەر ڕاستبێت و خودا خاوەنی ئەم هەموو ڕەشە کوژیە بێت کە لە نێوان دینەکان دەکرێت یان لە نێوان ئەو دینەدا دەکرێت کە دابەش بون بە دوان و زیاترمەزهەب و بەشی ترەوە، خۆ ئەگەر قەرار وابێت ئەمانە لەڕێگای خودایە ئەوا بێ ئەملاولا خودا تاوان بارە و بەر پرسە لە ئاست ئەم هەموو تاوانانەی کە دەکرێت، ئیتر من هەقمە بڵێم لە ئێستاوە رقم لە بونی ئەم جۆرە خودایە دەبێتەوە هەرگیز بونی ئەم جۆرە خۆدایەم پێ قبوڵ نیە،



ناهەقم مەگرن کەوا دەڵێم، چونکە دیمەنی بەردە باران کردنی (دوعا) و سوتاندنی ئەم



سوتانی منداڵێك لەتەقینەوەکانی بەغدا

...ە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-4-2007 1:39

مندالّە ببینە و خۆت سەرپشکبە لە بڕیاردان و ڕیسواکردنی ئەو دینانەی جیاوازی دەخاتە نێوان مرۆڤەوە، نازانم کام ویژدان کام حوکم کام یاسا کام شەریعەت کام خودا و کام و کام وکام... ئەمەی پێ قبوڵ دەکرێت و بێدەنگ دەبێت لە ئاستی؟

بەشی زۆری ئەو شەڕو شۆڕەی لە سەر ئەم جیهانەدا دەکرێت و ڕودەدات سەرچاوەکانی چین؟ دینەکان، نازانم بۆچی جیاوازی من و کەسێکی مەسیحی بە بەشەکانی تریەوە سابیئی ئێزدی یەهودی بودی زەردەشتی کاکەی شیعی سونی هیتر... چیەو بۆهەبێت؟، تۆبڵێی ئەمە خۆرسقی خودابێت؟نەخێر ئێستایشی لە گەڵبێت هەرگیز خودا ئەوەندە دڵرەق و بێبەزەی نیە نا نا،

بیرکەرەوە، ئەی ئەگەر خودا خۆی بە خاوەنی ئەم ئەستێرە دازانێت و ئێمەی دروست کردوە ئەی بۆ لە ئاست ئەم هەموو تاوان و کۆمەڵ کوژیەدا بێدەنگە کە ڕودەدات؟سوتاندنی ئەم مندالە لەم تەقینەوەدا ناوی چی لێدەنێت؟لەڕێگای ئەودا نیە؟سەربڕینی سەدان کەس بەدەم وتنەوەی (بسم اللە الرحمن الرحیم) لە پێناوی ئەودانیە؟کوشتنی جوانیەکانی ژنان لەڕێگای ئەودا نیە؟خۆ تەقاندنەوە لە نێو بازاڕو شوێنە گشتیەکاندا و لە ناو بردنی خەڵکی سڤیل بۆ ئەو نیە؟ ڕەجم کردنی ژنانی زیناکەر وەک خۆیان ناویان لێناوە بۆ ئەو نیە؟بی کوژە بیبڕە لە ناوی بەرە ئەنفالی بکە تالاّنی بکە هەر هەمووی لە ڕێگای ئەودا نیە؟ کوشتنی بەکۆمەڵی سونە لە شیعە وە شیعە لە سونە (جیهاد فی سەبیللا) نیە؟ سەربڕینی خەڵکی لەبەر کورد بون یان مەسیحی بوون یان ئێزیدی بوون لە پێناوی ئەودا نیە؟تۆبڵێی کەسێک هەبێت ناوی خۆدابێت وجودیەتی هەبێت؟ خۆ ئەگەر بونی خودایەک هەبێت نابێت بپرسین بیدەنگی ئەم هەموو تاوانانەی کە دەکرێت هەتا کەی ولە پای چی؟؟؟؟



ئەگەر هەبێت کەی تۆڵەی بێتاوان لە تاوان باران دەست ێنێت؟ بیرم هاتەوە دەیان جار من لە پەیام بەرانی ئیسلام کە لەم سەردەمەدا (مەلایە) بیستومە کە کاری زۆر بە پەلەی خودا کە دەیکات بە حەفتا هەزار ساڵ جێبەجێی دەکات!!!

کەواتە دەستی لێ بشۆ پشتی گوێیخە چاوەڕاونی هاتنە وەڵامی خودا مەکە.. 2007/ 4/26 نەرویج

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.